# چالاكی یەكانی كۆمیتەی كەركوك سەبارەت بە هەڵبژاردن

ـ ڕۆژی 13 / 1 / 2005  ڕادیۆی دەنگی كوردستانی پارتی دیموكراتی كوردستان چاوپێكەوتنێكی سەبارەت بە مەسەلەی هەڵبژاردن و مەسەلەی كەركوك لەگەڵ ( ڕەمەزان سابیر )سكرتێری كۆمیتەی كەركوكی حزب دا سازدا . لە وەڵامی پرسیارەكان دا تەئكیدی لەسەر هۆیەكانی ناشەرعی بوونی هەڵبژاردن كردەوە  هەر لە نائارامی و نائەمنی  و نەبوونی ئازادی سیاسی و باڵادەستی میلیشیای  ئەحزاب بەسەر زۆربەس شارەكانی عێراق و ڕێكەوتنی پێشووتری ئەو هێزانە بۆ دامەزراندنی حكومەتێك لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی . هەروەها سەبارەت بە شاری كەركوك ڕایگەیاند كە شاری كەركوك هی دانیشتوانەكەیەتی بە هەموو پێكهاتەكانیەوە ، دانیشتوانی كەركوك مافیان هەیە كە چارەنووسی خۆیان دیاری بكەن بەوەی كە لەگەڵ حكومەتی عێراق دەبن یان لەگەڵ جەماوەری كوردستان لە كاتی جیابوونەوەی كوردستان دا و دامەزراندنی حكومەتێكی عەلمانی دا . سەبارەت بە مەسەلەی كوردستانیش ڕایگەیاند كە حزبی ئێمە لەگەڵ جیابوونەوەی كوردستان و دامەزراندنی حكومەتێكی عەلمانی غەیرە قەومی دایە لەكوردستان دا ، ئەمەش لە ڕێگای ڕیفراندۆمێكی گشتی خەڵكی كوردستانەوە .

ـ وەفدێكی كۆمیتەی كەركوكی حزب كە پێكهاتبوو لە ( ڕەمەزان سابیر ) سكرتێری كۆمیتە و ( ئازاد مەجید ) ئەندامی كۆمیتە سەردانی چەندین خێزانی ئەندامان و لایەنگرانی حزبیان كرد بۆ ڕۆشن كردنەوەی وەزعی ئەمڕۆی عێراق  و مەسەلەی هەڵبژاردن و چارەنووسی كوردستان  و ڕێگای دەربازبوونی جەماوەری خەڵك لەم وەزعە مەئسات بارەی  ئەمڕۆ و نەخشی حزب لەم ئەووزاعەدا .

ــ ڕێكخستنەكانی حزب لە گەڕەكی حي التزامن  لە شاری كەركوك هەستان بە بڵاوكردنەوەی بڵاوكراوە و بەیاننامەكانی حزب و بانگەوازی خەڵكیان كرد كە بەشداری هەڵبژاردنەكان نەكەن  و شەرعیەت بە حكومەتێكی پێشتر بڕیار لەسەردراوی  قەومی و ئیسلامی نەدەن .

ـ  ڕۆژەكانی 13 و 14 / 1 / 2005 ( جاسم حسن ) بەرپرسی ڕێكخستنی حزب لە گەڕەكی شۆڕجەی كەركوك و ( سەباح جاسم ) ئەندامی كۆمیتەی كەركوك لەگەڕەكی شۆڕجە بڵاوكراوە و بەیاننامەكانی حزبیان بەشێوەیەكی  فراوان بڵاوكردەوە ، لەكاتی بڵاوكردنەوەدا لەگەڵ كۆڕ و كۆمەڵی جیا جیای جەماوەری ئەو گەڕەكەدا گفتوگۆیان كرد و هەڵوێستی حزبیان سەبارەت بە مەسەلەی كوردستان و مەسەلەی هەڵبژاردن بۆ خەڵك ڕۆشن كردەوە . قسەو باسەكانیان بە گەرمی لەلایەن خەڵكەوە پێشوازی لێكرا .

شایەنی باسە :

وەفدێكی كۆمیتەی كەركوكی حزب كە پێكهاتبوو لە ( ڕەمەزان سابر ) سكرتێری كۆمیتە و  ( محمد عزیز ) ئەندامی كۆمیتە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی برایەتی و گفتوگۆی دیموكراتی  ڕۆژی 13 / 1 / 2005  بەشداری كۆبوونەوەیەكیان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی شاری كەركوكدا كرد ، لەو كۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ سەبارەت بە چۆنیەتی خوێندن و ڕێگریەكانی بەڕێوەبەرایەتی یەكە كرا . وەفدی حزب سەبارەت بە دیاردەی جیاكردنەوەی پۆلەكانی خوێندكاران لەسەر بنەمای نەتەوەیی لە هەندێك قوتابخانە ، دیاردەی بەزۆر حجاب كردنی خوێندكارانی كچ لە لایەن مامۆستایانەوە بۆ نموونە لە قوتابخانەی دجلە، دیاردەی ناشارستانی ئیهانە و لێدان و هەڕەشەكردن لە  قوتابخانەكاندا ... قسەوباسیان كرد. بەڕێوەبەری پەروەردەش تێبینی یەكانی وەفدی حزبی بە جدی وەرگرت و بەڵێنی دا كە بەدوای ئەو دیاردانەدا بڕوات و ئیجرائاتی پێویست بكات ، داوای لە حزبەكانی بەشداربووی كۆبوونەوەكەی كرد هاوكاری بكەن بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو پێویستی یانە .

**سكرتاریەتی كۆمیتە ناوەندی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

21/ 1 / 2005